# تەنگژەیەکی تری سوریاو ئیسڕایل

**مەهدی کاوانی**

**بابەتیکم ماوەیەک پێش ئێسا بڵاو کردەوە لە ژێر ناونیشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەقینەوە دایە. دیارە چەندان بابەتی تریشم لە سەر تەنگژەکانی وڵاتانی ناوچەکە یان ڕاستر بڵێین محوەرە ناکۆک و دژ بە یەکەکان نووسیبوو . ئەو بابەتەشم لە لایەکەوە دەچێتە خانەی باس کردنی ڕوویەکی تری تەنگژیەکان ،ڕووی تریشی گەرمتر بوونی کێشەکانە .**

**بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سوریا ، شەوی چوارشەمە لە سەر پێنج شەمە ،فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسڕایل لە بەری باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا مەجالی هەوایی سوریایان بەزاندو بەردوومانی ناوچەیەکی چۆلگەیان کرد بێ ئەوەی هیچ زیانی مادی و گیانی لی بکەویتەوەو بە دوایەوە دژە هەواییەکانی سوریا بەرەنگاریان بوونەوەو ناچاریان کردن بگەڕێنەوە ناو خاکی خۆیان . ئیسڕایلیەکان لە وەڵامی ئەو ڕاگەیاندنەی سوری ئەوها وەڵامیان داوەتەوە کە سووپای ئیسڕایل لە سەر مەسەلەی وەها هیچ لێدوانێک نادات و تا وەکو ئیستاش لە لایەن سیاسەت مەدارانی ئیسڕائلی بێدەنگی لیکراوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو مانۆڕانەی فڕۆکەکانی ئیسڕایل و هەندێ جار تورکی و ئەمەریکیش بۆ چاودێری کردنی باری ناوچەکە لەو شوێنانە ڕوودەدات .**

**دیارە دوو فڕۆکەی ئیسڕایلی لە مانگی حوزەیرانی ڕابوردوو بە گوێرەی ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتیان بە سەر کۆشکی کۆماری لە ناوچە کەناریەکان تێپەڕین و لایەنی سووریش ئەو کات باسی لەو سنوربەزێنەی دوو فڕۆکە ئیسڕایلیەکە کرد لە شوێنێکەوە کە پێی دەگوترێ وادی قەندیل لە بەرزایەکی زۆر نزمەوە ئەو شوینەش ناوچە کەناریەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بوو .**

**تا ئێستا لایەنی ئەمەریکی لە سەر ئەو ڕووداوە بی دەنگی لێ کردووە ،بەڵام لایەنی سووری بە توندی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەو ڕووداوە دەربڕی . وڵاتە عەرەبیەکانیش هەر یەکەو بە شێوەیەک لە شێوەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە.**

**بە گویرەی دەنگوباسەکانی ئیسڕایل ،سووریەکان بە هیز ترین مەنزومەی ساڕووخی سۆڤیەتی دژە فڕۆکەیان لە ناوچەکە دامەزراندووەو زیاد بوونی تەواجودی سوپاو ماشێنی بەهێز مەترسی لە ئاسایشی ئیسڕایل دەکات.**

**ڕاگەیاندنی عەرەبیش لێدوانی جۆراو جۆریان لە سەر ئەو ڕووداوە نوێە باس لێوە کردووە. بەڵام دەتوانین کۆ بەندی ڕاکانیان لە سێ چوار خاڵ کۆ کەینەوە بەوەی کە ئیسڕایلیەکان ئەو کردەوەیان تەنیا بۆ عەرزی عەزەلات نیشان داوە بۆ بۆ ئەوەی هەندێ زیندویەتی و هەیبەت بدەن بە خۆیان لە پاش ئەو شکستیەی کە ساڵی پار لە بەرەی لوبنان لە سەر دەستی حیزب و للا پێیان کەوت . هەشن کارەکە بۆ زیاتر دەبەن بەوەی ئیسڕایل بیەوێ لێدانێکی ئیستباقی و کوت و پڕو زیان بەخش لە سوریەکان بدەن . ڕای واش هەیە وەک بڵێن ئەو هەوا بەزاندنانەی ئیسڕایل بە مەبەستی دروست کردنی شەڕیکی نوێیان بێت لە گەڵ عەڕەبەکان تاوەکو لە ڕێگەیەوە کۆتایی بە حیزب و للە بێنن وەک دەڵێن با سەر پان کەینەوە پێ ئاسانە . واتە ئەگەر جەزرەبەیەکی گەورەمان گەیاند بە سووریا بە دوایەوە کۆتایی هێنانی چەکدارەکانی حیزب و للە لە لوبنان ئاسانتر دەکەوێت . ڕای واش هەیە وەک بڵێن ئیسڕایلیەکان بیانەوێت وتووێژی نێوان ئیسڕایلیەکان و سوریا بمرێن یان لە ڕێگەی شەڕکردن لە گەڵیان ،سووریا ناچار بێت بە داخوازی کەمەوە وتووێژەکانی لە گەڵ ئیسڕایلیەکان ببڕێننەوە . دیارە لێدوانی سیاسی ئیسڕایلیش لە مەڕ گەورەکردنی ئەو سنوور بەزاندنەی ئیسڕایل هەیە کە شتەکان وەهمێکی سووریایەو دەیانەوێ لە ڕێگەیەوە خەلکی ناوچەکە با کاری وەها مەشغول کەن لە پێناو دوور خستنەوەی ڕای خەلک لە سەر ئەو بارە ناهەموارەی کە دەسەڵاتدارانی سووری تێی کەوتوون . بە تایبەتی لە مەڕ کیشەی ڕەفیق حەریری و داڵدەدان و ڕەوانکردنی تیرۆڕیستان بۆ عیراق و ئالۆزی کێشەی سیاسی ناوخۆیان  بە تایبەتی زیاد بوونی چاڵاکی ڕکەبەرەکانیان ...**

**من لە بابەتێکی ترم کە لە سایتەکان بڵاوم کردبۆوە بەوەی کە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێک هەڵکیشن . ڕەنگە ئەو ڕوداوە لایەکی تری مەسەلەکان یان پەلە کردن بێ لە تەقینەوەی ڕوداوەکان . لەوانەشە ئەوها نەبێت و بۆ هەندێ مەبەستی سیاسی گەورەکرابێ .**

ئەگەر ناوچەکە بکەین بەیەک ناوچەی ڕووبەڕووبوونەوە ، بە نسبەت لایەنی ئەمەریکی وەک لە ڕاگەیاندنە فەرمیەکانیان بە دەر دەکەوێ کە ڕووبەڕووی جەنگێکی چارەنووس ساز بووینەتەوەو دەبنەوە لە دژی هێزەکانی قاعیدەو ئێران و هەر یەکەیان بە پێوەرەکی جیا لە ئەوی تریان . ئەوەش دەزانن کە لایەنی ئێرانی بەشی هەرە زۆری شیعەکانی وڵاتانی عەرەبی تەرەفگریانن و سوننەو قاعیدەش دژیانن . جا کە ئەمەریکایەک بزانی ئەوە حالی دوژمنەکانیەتی لە ناوچەکە ،هەر دەبێ تاکتیکێکی وابەستە بەو حالەتەیان پیادە بکات تاوەکو لە ڕێگەیەوە تواناکانی نەکەوێتە خانەی سوود گەیاندن بە محوەرێک و زیانیش بە ئەمەکەی تر بکەوێ یان تەوازنی هێزی لایەکیان لە دژی ئەمەکەی تر لە دوا جاردا وا بکەوێتەوە کە یەکێکیان گۆڕەپانەکە بە ئەمەکەی تر بەجی بێڵن.

دژە ئەمەریکیەکانیش چ لە لایەنی سووری و لوبنانی وەر بگرین ،چ هێزەکانی قاعیدە، دەست لە ئەژنۆ دانەنیشتوون . باری شلەژاوی عیراق و شەڕی فەتح و ئیسلام و دابەشبوونی سیاسی لوبنان بۆ دوو بەرەی ئەمەریکی و دژەکانیان و کودەتای حەماس بە سەر فەتحی  فەلەستینی و زیاد بوونی ڕۆڵی سیاسی حیزبو للە لە لوبنان، زیندوترینیانن کە لە ڕێگەیانەوە هەقە مرۆڤ وا مەزندە بکات کە ئەرکو ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەمەریکی بەو ئاسانیە نیە ئەگەر مەزندەی وای بۆ بکرێ .

من وا مەزندە دەکەم کە ئەمەریکیەکان لە ناوچەکە تووشی وەرتەی خۆیان هاتوون و لە ڕێگەیەوە نێوانی دیموکراتیەکان و کۆماریەکان لە پێشبرکێی سیاسی نێوانیان کاخوانەوکینێ کامەیان بۆ کۆشکی کۆماری بە سەردەکەوێ لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان لە هەموو کاتەکانی تر قورسایی سیاسی بەخۆوە گرتووە . پیاو هەقی خۆیەتی وا بیر بکاتەوە و وابڵێ کۆماریەکان یان جۆرج دەبلیو بۆش لە ڕێگەی ئەو ئەزمە قوڵەو چارەسەر نەکراوەی عیراق کە تێی کەوتووەو هەرچەندی دەشکات نەک بۆی چارەسەر ناکرێ بەلکو قوڵتر دەبیتەوە. بۆیە بۆ دەرباز بوون لەو ئەزمەیەی بیەوێ ئیسرایل تێوە گڵ داو شەڕیکی گەورە لە ناوچەکە دروست بکات وەک کورد دەڵێ چەندی گۆم قوڵ بێت مەلەوانی تیادا خۆشترە . ئەویش وا بیر بکاتەوە کە تەنیا ڕزگار بوونی لەو کێشەیە فراوان بوونی سنووری شەڕەکەیە لە ناوچەکە .بۆیە ڕوودانی شەڕیکی تری ئیسرایلی و عەرەبەکان یان ئیسرایلی و سووریە بە دوور نازانم .

بەریتانیا/2007/09/07

mahdikawani@yahoo.co.uk